# ئاتەشگایەك ناوی حەمەی نێرگزە



**سەردار جاف**

هەور لە حەسرەت سرتە بێدارییەکانی دوێنێدا لە پاڵ قرچە قرچی خۆراتاوا پێخاوسی خۆی و منداڵەکانی دەگێڕایەوە لە نێو بریسکە بریسکی ئەو خۆ سوتاندنەی هەوردا ژیان چەخماخەی خۆی لێدا وکەسێك نەبوو بە هانایەوە بچێت و نیوە جگەرەکەی لە تیشکێکی زێوین داگیرسێنێت ، نەۆ ئەو ژیانە لە جاجمی خۆڵەکەوە ئالاوە ، چرنووکەکانی لێگیر کردووە ، مەحاڵە وا بە سانایی دەست بەرداری ببێت ، لە سەر رێگای میلۆدیدا چەند نۆتەیەك لە بن باڵی نێرگزی لە مەرگ بەهێزتر ترس و دڵەڕاوکێیان رەواندەوە ، بە چوست و چاپوکی خۆی بە هۆڵی رۆشنبیریدا کرد وەك ئەوەی ژیان سەر لەنوێ چەپك چەپك شیعر بۆ حەمەی نێرگز بهۆنێتەوە و خەم و ئازار و دەردەکانی بڕەوێنێتەوە ، هێشتا نە کەوتبووە گۆ ، فرمیسك و چەپڵە بارانی دۆست و یاران و ئەحبابی دەنگە هاوشانەکەی رەفیق چالاك و دیلان و رەشۆڵ کە زەمەنێکی زێڕینی میلۆد و هونەری کوردین ، دوای ئەوان نێرگز بە یادی ئەوان شادمان دەکات و بە هزری دێنێتەوە کە کۆڵەکەی دەنگی رەسەنی شار هێشتان لە جمە دایە و وا بە ئاسانی کپ نابێتەوە .

دەساڵێك بەر لە ئیمڕۆ ئەوەی مەبەستم بوو لە دووتوێی حەسرەتێکی دڵم بۆ نووسی و لە رۆژنامە بڵاوم کردەوە ، لێ تا ئەمڕۆی رێزلێنان لە گەڵ نێرگز دوو بە دوو دانەنیشتبووین ، لە هۆڵەکە لە گەڵ فرمێسکدا باوەشی ئەوینم بۆ گرتەوە ، یەکێك ئاشق بە دەنگی بە تاسوقەوە دەیەوێت لە باڵای بڕوانێت و گوێ بۆ ئاواز و دەنگە زوڵاڵەی رادێرێت .

هەر کە لە دەرگاکە بە ژوورەوە کەوت نێرگز و گوڵباران تێکەڵ بوو ، لەولایشەوە گڕ لە ئامادە بووان بەر بوو رێژنەبارانی چەپڵە ئاتەشگایەکی خستەوە و وا بە زوویی کپ نەبوویەوە ، هەستانە سەر پێ پۆل پۆل و ریز ریز دەستی پێکرد و تابلۆیەکی سەمفۆنیایی مرۆیی خولقا ، شەپۆلێك بوو لە سۆز و خۆشەویستی و عیشق بە دەنگێك تەواوی تەمەن و زەمەنی خۆی بۆ خۆدی ئەو مرۆڤانە خەرجکرد کە ئاپۆڕایان بەستبوو ، هەناسەیەك لە ژووانەوە بەرە و ئاتەشگایەك بەرێکەوت چاوەنوار دەکرا جمەی زێتر بێت ، هەموو پێکرا شادی ریزنان و خولیایەك بۆ دیدەنی فرمێسکی هەمووانی رژاند .

شەوانە جەستەکان سڕی حەژمەتێکن لە بۆنی غەریزەکان دەئاڵێن شین و ناڵینی بێداران نە دەبێتە فریاد رەس و نە ئاوێك بە هەناوی گڕگرتوودا دەکا، ە هەناسەکانی دواییني تەمەن لە پاڵ ئۆخەیەکی متبوونی حەزدا هەوەسەکان دنە و ختوکە دەدرێن بۆ تاموبۆی دەنگێ تاوەکو ئەو ئۆخەیە بە کامڵ بوونی خود بگا ، هێشتان چرکەکان لە

گریانەکانی من ناگا و ئاشنا نییە کەچی وا بەسوێیە مەگەر ژانەکانی نێرگز بتوانێ برین و ئازاری منــەکانی پــڕ لــە خەم و حەسرەت و کەسەر خەفەبکا ، دەنگێکی وەك رەشۆڵ زەمەنێ لانکەی ئاشقانی دوێنێــی پــیری نهــۆ بــوو ، وا نێرگز چاوەکانی دڵی ئاشقانی دوێنێ دێنێتەوە و لــە تەمــەنێکی لەرزۆکـدا دەنگــی بــە گــەنجی دێتــەوە گــۆ و بــۆ هەمووان گۆرانی دەچڕێ وتەمەنە شەکەتەکانی هۆڵ گەنج بوونــەوە گەڕانــەوە بــەرەو ئــامێزی دولبــەرانیان ، بــەرەو چاوشارکێی سەر رێی کانی و گوێسەبانانی کانی ئاشقان و صابوونکەران و پیرەمەسوور ، دیســان دێینــەوە و ئاشــقت دەبینەوە نێرگزەکەی بۆن لە نیۆرگز خۆشتر ، دێینەوە لە ئیمڕۆ باشتر و چــاکتر و گــەرمتر ئــامێزت بــۆ دەگرینــەوە ، گوڵ و رەیحانەکەی بەر سینگی هەمووان ، وەك خۆڵبەسەرە هەمیشە بۆن حۆشتر دەبیت و هەموو رۆژێــك بــە بــەهار دێیتوە و ئێمەیش لەم ئاتەشگایەدا دەبین بە رەژوو .